# پایز ..
# گۆڕی بە کۆمەڵی گەڵایە !

**قوبادی جەلی زادە**

jalyzada@yahoo.com



### کۆنە فرۆش

باغ پڕیەتی ، لە فستان و ئەتەك و
ستیان و
دەرپێی وەریوی دار .
باغ ،
لە لەتگە فرۆشێ دەچێ
دڵتەنگ و غەمبار !

### باوك

پایز ..
باوکی هەموو
گەڵاْ وەریوەکانی باخە !

### بەزەیی

کزەبا ،
گەڵاْوەریوەکانی باخی
گرتۆتە باوەش .
دەیەوێ ، یەکە یەکە
بەچاوی پڕ لە فرمێسکەوە ،
سەریان خاتەوە
سەر چڵ !

## بەکۆمەڵ

پایز لە تاکە یەک شەوا ،

لەگەڵ هەزاران درەختی رووتا

دەخەوێ .

پایز حەزی ،

لە جووت بوونی بە کۆمەڵە .

## نامە

پایز ئەم نامەیەی بۆ بەهار نووسی :

رقم لێتە ..

تۆ ژنێکی حیجاب پۆشی

شەرمنی !

## هەنار

پایز.. دەستی ،

بە رووت بوونەوەی درەخت کرد .

سەرپۆشی مێوی فرێدا .

کراسی لەبەر خۆخ دادڕی .

سترێجی لەبەر هەرمێ داماڵی .

هەناریش بە تای

ستیان و لیباسێکەوە ،

شەرمەندە وەستاوە !

## قۆڵ

لقی رووتی هەنجیرە ،

لەو دیو پەنجەرەوە

دەبریقێتەوە ،

یا قۆڵی ژنێکی خڕپنه ،

بەم مانگه شەوه

پەنجەره دەسڕێ !!

## رووتی

تا گەڵاڕێزان بەسەر دەچێ ..

خوتبەی هەموو جومعەیەک ،

بۆ حەڵاڵ کردنی

خوێنی پایزه !

## تاوان

بۆ : رێکخراوی مافی مرۆڤـــــ ...

_با _

تەرمی گەڵاکان

د ە ش

ێ و یـــــــــێ ن

ێ !!

## خەنه

شەنگەبیەک ،

لەتاو گەڵا وەریوەکانی جەرگی ،

کۆم بۆتەوەو بە هەردوو چنگ

سەر لە قوڕ دەگرێ !

## خەو

لەبە نووزه نووزی گەڵای وەریوو

ناڵەناڵی درەخت ،

نه مانگ خەوی لێ دەکەوێ و

**نه من چرکەیەک  دەبۆرژێم .**

## گۆڕ

**باغ .. بەهاران ،**

**پووشینەی لە دایک بوونی**

**گوڵ و**

**پایزان ،**

**گۆڕی بە کۆمەڵی**

**گەڵایە !!**